هێبژاردەی تۆپی پێی ئەرژەنتین نازناوی جامی کۆپا ئەمریکای بەدەستهێنا

هێبژاردەی تۆپی پێی ئەرژەنتین نازناوی جامی کۆپا ئەمریکای بردەوە.

بەرەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە لە کاتی هەولەر، لەمیانەی یاری کۆتایی پاڵوانێتی جامی کۆپا ئەمریکا کە لە ویلایەتی مەیامی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوەچوو، هێبژاردەی تۆپی پێی ئەرژەنتین بە گۆڵێک بە بەرامبەر لە هێبژاردەی کۆلەمبیای بردەوە و نازناوی جامی کۆپا ئەمریکای بە ساڵی 2024 بەدەستهێنا.

لاوتارا مارتینیز تاکە گۆڵی ئەم یارییەی تۆمارکرد کە تێیدا لیۆنێل مەسی بەهۆی پێکانەوە نێتوانی یاریکە تەواو بکات.

پۆلیسی مەیامی لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوەداوە کە "چەندین هووداو" پێش کردنەوەی دەرگاکانی یاریگاکە هوویانداوە.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە، "ئەم هووداوانە لەئەنجامی هێسوکەوتی بەزارکەری هاندەران بوون کە هەوڵیان دەدا بگەنە یاریگاکە و داوا لە هەمووان دەکەین ئارام بگرن و پابەندی ئەو یاسایانە بن کە لەلایەن ئەفسەرەکانمان و ستافەکەمانەوە لە یاریگای هارد ڕۆک دانراون".